هێلین
HelinMedia
Kurdistan Women Union Media Network

پیاو نە خاوەنی ئافرەتە و نە بەرپرسە لە هەڵسوکەوتەکانی

د. ڤیان سلێمان

لە سیستەمی پیاوسالاریدا ئافرەت وەکوو موڵکی پیاو دادەنرێت و هەموو پرسێکی تایبەت بە ئافرەت پیاو خاوەنداری لێ دەکات، خاوەنداری پیاو لە ئافرەت یاخود بە موڵککردنی ئافرەت لەلایەن پیاوەوە مێژوویەکی دووردرێژی هەیە و هاوکاتە لەگەڵ هاتنە کایەی کۆمەڵگەی باوکسالاری و بە درێژایی هەر سێ قۆناخی کۆیلایەتی، فیودالی و سەرمایەداری، بەو پێیەش باڵادەستی پیاو لە کایەکانی ئابووری و کولتووری و سیاسەت و پاوانخوازی لە تەواوی بوارەکانی ژیان چەسپاند، و بوو بە بنەمای کۆمەڵی بڕوا و تێز، کە ئافرەتیان بە کەمتر لە پیاو دادەنا، گوایە ئافرەت کەم ئاوەزتر و لاوازترە لە پیاو، بۆیە ناتوانێت کاروباری ژیانی خۆی بەڕێوە ببات و پێویستی بە پیاوە بیپارێزێت و کۆنترۆڵی ڕەفتارەکانی بکات، کە هەر ئەوەش بنەمای سەرهەڵدانی خاوەنداری بوو، کاتێک پیاو خۆی بە عاقڵتر و بەهێزتر لە ئافرەت دەبینی، مافی بە خۆی دا کە خۆی بە خاوەنی ئافرەت بزانێت، ئەوەش مافی بڕیاری لە ئافرەت سەندەوە و کەسایەتی سەربەخۆی ئافرەتی بەرەوڕووی ئاستەنگ کردەوە و دەتوانین بڵێین بوو بنەمای سەرهەڵدانی پرسێک بە ناوی پرسی ئافرەت کە تا ئەمڕۆش درێژەی هەیە. سیمۆن دیبۆڤوار دەڵێت «هیچ خوێندنەوە و شیکارییەکی زانستی نییە کە لە ڕێگای ئارگیومێنت و تێزە زانستییەکانەوە پێمان بڵێت کە ئافرەت لەبەر لاوازی و کەم هۆشی، دەبێت وەک ڕەگەزی دووەم تەماشا بکرێت، بەڵکوو مێژوویەکی بەربەریمان هەیە کە بە وردی ئیشی لەسەر بە کەم زانین و چاوپۆشی کردن لەسەر توانا عەقڵی و جەستەییەکانی ئافرەت کردووە« لە ڕاستییدا ئەوەی کە بوو بە هۆی ئەم جیاوازییە درەنگ دەرچوونی ئافرەت بووە لە چوارچێوەی بازنەی ئەرکەکانی بە پێی تایبەتمەندییە بایۆلۆجییەکانی لە چاو پیاو. لەمڕۆشدا ئەگەرچی ئافرەت توانا هزری و جەستەییەکانی خۆی وەک مرۆڤێکی تەواو سەلماندووە، بەڵام تا ئێستاش سەرەڕای گۆڕانکاری و پێشکەوتنی زۆر، ئافرەت بەرەوڕووە لەگەڵ نایەکسانی و نادادپەروەری، ڕێگەی پێ نادرێت خاوەن بڕیاری خۆی بێت و متمانە بە تواناکانی خۆی بکات و بڕیار لەسەر ژیانی خۆی بدات، بەڵکوو کاتێک ئافرەت ئەو هەوڵە دەدات بەرەوڕوو دەبێتەوە لەگەڵ چەندین ئاستەنگ و ئاڵنگاری.

مافی بڕیار و مافی خاوەنداری خود دوو مافی سەرەکین بۆ سەلماندنی پێگە و ئەنجامدانی ڕۆڵ لەناو کۆمەڵگە و بنەمای سەرەکین بۆ سەربەخۆیی کەسایەتی؛ بە پێچەوانەوە لە کاتی نەبوونی ئەم دوو مافە کەسێک یاخود کەسانێکی وابەستە و شوێنکەوتەمان دەبێت، بێگومان پرسی ئافرەت چەند بۆ ئێمەی ئافرەت گرنگە، دەکرێت بڵێین دوو ئەوەندە بۆ خێزان و دواتر کۆمەڵگە گرنگتریشە، ئەمەش لە پێناو سەقامگیری و گەشەسەندنی کۆمەڵگە، بەو پێیەی کاتێک ئافرەتانی هەر کۆمەڵگەیەک وابەستە و پاشکۆی ڕەگەزەکەی دیکە بن، چی چاوەڕوانییەک لە نەوەکانی ئەو کۆمەڵگەیە و ڕەوتی گەشەسەندن لەو کۆمەڵگەیە دەکرێت!

لە هەر باسێکدا تەوەر مافی ئافرەت بێت دەگەڕێینەوە سەر توندوتیژی، چونکە پرسی ئافرەت هەموو تەوەرەکانی بەیەکەوە پەیوەستن، لێرەدا دەکرێت بڵێین نەبوونی مافی خاوەنداری و مافی بڕیار هۆکاری سەرەکین بۆ ئەنجامدانی توندوتیژی دەرهەق بە ئافرەت، چونکە نەبوونی ئەم دوو مافە کاریگەرە لەسەر لاوازی شوناس و کەسایەتی و لێرەشدا سزادان ئەگەرێکی کراوە دەبێت لە لایەن دەوروبەرەوە. دیمەنەکە لێرەدا بەو شێوەیە کاتێک مافی خاوەنداری و مافی بڕیار لە دەستی خودی ئافرەت نەبێت و لە دەستی پیاو بێت، ئەو کاتە ئافرەت دەبێتە کەسایەتییەکی لاواز و کەسی لاوازیش هەمیشە مافی پێشێل دەکرێت و توندوتیژی بەرامبەر دەکرێت، ئەو کاتە پیاو بڕیار دەدات ئافرەت چی بیروڕایەکی هەبێت و چی کارێک دەکات و چی پیشەیەک هەڵدەبژێرێت و تەنانەت کەی دەبێت بمرێت و کۆتایی بە ژیانی بهێنرێت، وەکوو لە تاوانەکانی کوشتنی ئافرەت بە پاساوی پاراستن و گەڕانەوەی شەرەف لەلایەن پیاوانی هەرە نزیک لە ئافرەتەکە ئەنجام دەدرێت تەنانەت وەکو لە چەند کەیسێکی کوشتنی ئافرەت بینیمان لە جیابوونەوەشدا، لە کاتێکدا ئەو جیابوونەوەیە لەسەر خواستی ئافرەت بێت، ئەو پیاوە هاوسەری پێشووتری دەکوژێت، چونکە جیابوونەوە بە مافی خۆی دەزانێت، کە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو مافی خاوەندارییەی بە پیاو دراوە و ئەو هەستی خاوەندارییەی لە دەروون و بڕوای پیاودا چێنراوە، بەوەی ئەو خاوەنی ئافرەتە و بەرپرسە لە ڕەفتار و هەڵسوکەوتەکانی.

> نەبوونی مافی خاوەنداری و مافی بڕیار هۆکاری سەرەکین بۆ ئەنجامدانی توندوتیژی دەرهەق بە ئافرەت، چونکە نەبوونی ئەم دوو مافە کاریگەرە لەسەر لاوازی شوناس و کەسایەتی و لێرەشدا سزادان ئەگەرێکی کراوە دەبێت لە لایەن دەوروبەرەوە

بەو پێیەش هیچ ڕێگەیەکی دیکە لە بەردەم ئافرەتدا نییە، جگە لە تێکۆشان بۆ گەڕاندنەوەی مافی خاوەنداری و وەرگرتنەوەی لە دەستی پیاو، کە دەتوانین بڵێین لەمڕۆدا ئافرەت بەشێکی لەو مافەی بۆ خۆی گەڕاندووەتەوە.

بۆ ئافرەت دەکوژرێت بەناوی شەرەف

سایە هیوا

باسکردنی ئەو تاوانانەی بەرامبەرئافرەت دەکرێت زۆرن، بەڵام لەم بابەتەدا دەمەوێت تیشک بخەمە سەر کوشتنی ئافرەتان بەناوی پاساوی شەرەف. تاوانی کوشتنی ئافرەتان بەناوی ناموس یاخود شەرەف بریتییە لە کردەیەکی تۆڵەسەندنەوە بە مەبەستی کوشتن و لە ناوبردن،لەلایەن یەکێک لە پیاوانی ئەندامانی خێزانییەوە ئەنجام دەدرێت بەرامبەر یەکێک لە ئافرەتانی خێزانیەوە (دایک،هاوسەر،خوشک،کچ) بەبیانوی پاراستنی ئابڕو و ناموس و شەرەف،بە پاساوی ئەوەی ئەو ئافرەتە ئابڕوی لە کردار کردووە.

هیچ هۆکار و پاساوێک بۆ کوشتنی ئافرەت نییە، بەڵام کۆمەڵێک پاڵنەر و هۆکار وا دەکەن کوشتنی ئافرەتان ڕوو لە زیاد بوون بکات:

– جیاکاری لە نێوان ئافرەت و پیاو: لە زۆرێک لە کۆمەڵگە بەچاوی جیاکاری تەماشای ئافرەت و پیاو دەکەن بەتایبەت لە ڕووی ڕەفتاری تاکەکانەوە، جیاوازیەکە زەقترە هەندێک ڕەفتار بۆ پیاوان بە تاوان دانانرێت، بەڵام هەمان ڕەفتار بۆ ئافرەتان بە تاوانە و سزای قورسیشی لە سەرە، تەنانەت هەندێکجاریش سزای ئافرەتەکە دەدرێت نەک لەسەر ئەنجامدانی کارەکە بەڵکو تەنها گومانێکی بچوکیان هەیە کە ڕەنگە ئەو کارەی کردبێت

– تەماشا کردنی ئافرەت وەک لاواز و بێهێز: لەبەر ئەوەی ئافرەت بەوە جیا دەکرێتەوە کە هەموو کات نەرمونیان و لەسەرخۆترە،ئەمە بووە بە هۆکارێک کە ڕەگەزی بەرامبەر خۆی بەسەریدا فەرز بکات و بەلاواز تەماشای ئافرەت بکات.

– تێگەشتنی هەڵە لە وشەی (شەرەف،ناموس): وشەی شەرەف– ناموس واتە بەرزی وڕێز و بڵندی بەکەسێک دەوترێت (شەرەفمەند وبەشەرەف) ئەمە گشتگیرە و بەواتای دورکەوتنەوە لە گشت ڕەوشتە ناشرینەکان دێت.

– دابونەریت: بەشێک لە دابونەریتی کۆمەڵگەکان ئافرەت بە گشتی وەک (عەورەت) تەماشا دەکات تەنانەت بەشێک لە جەهالەتی کۆن هێشتا ماوە بە بەهەبوونی کچ لە خێزانەکانیان. کەمتر دڵخۆش دەبن تەنانەت دڵتەنگیش دەبن.

– ئاسانکاری یاسایی: لە کۆمەڵگە پیاوسالارەکاندا یاساکان بە شێوەیەک داڕێژراون کە ئاسانکاری دەکەن بۆ تاوانەکانی بەرامبەر ئافرەت بەبیانوی شەرەفەوە،بەپێی یاسای ئەو وڵاتانە ئەو ئافرەتانەی بە پاساوی شەرەف دەکوژرێت تاوانبارەکە سزای کەمترەو سزایەکی سوکی هەیە کە وەک ئەوەی کەسێکی تری بە ئەنقەست بکوژێت، بۆ نمونە لە مادەی (٤٠٩) یاسای سزادانی عێراقی دا هاتووە.

یەکێک لە مەحرەمەکانی لەکاتی زینا کردن یان لەگەڵ پیاوێک لەژێر پێخەفیدا بینی و ئەویش دەست بەجێ کوشتی یان یەکێکی کوشت یان دەستدرێژی کردە سەر هەردوکیان یان یەکێکیان بەهۆی ئەو دەستدرێژییە بوە هۆی مردن یان. نەخۆشی درێژخایەن ئەوا لەم حاڵەتەدا تاوانبارەکە سزا دەدرێت بۆ ماوەیەک لە (٣)ساڵ کەمتر نەبێت بەپێی ئەم مادەیە یاسا کوشتنی خێزانی یا مەحرەمەکانی بە عوزری سوک داناوە بۆ سزا لە کاتێکدا کوشتنی کەسێک بە ئەنقەست تاوانێکی گەورەیە و سزاکەی بریتیە لە بەندکردن بۆ هەتا هەتایە،ئەمە لە یاسای زۆرێک لە وڵاتانی تریشدا هەروایە بۆ نمونە (میسر و ئەردەن و سوریا...)بەپێی یاسای کوەیتی سزای کوشتنی ئافرەتێک بەبیانوی شەرەف غەرامەکردنە بە بڕی (٤٥دۆلار).

– هۆکاری پشت پەردە: زۆر جار تاوانی کوشتنی ئافرەت بەبیانوی شەرەف بیانوی تری لە پشتەوەیە،واتە ئەسڵەن کوشتنەکە پەیوەندی بە شەرەف و ئابڕوە نییە بەڵکو هۆکارێکی تر بوە هۆی ئەوەی ئافرەتەکە بکوژرێت کەچی بابەتی شەرەف و ئابڕوە دەدەنە پاڵی بۆ ئەوەی سزای بکوژەکە ئاسانتر بێت.

بۆ چارەسەرکردنی ئەم بابەتە کەمکردنەوەی ئامارەکانی کوشتن بە بیانوی ناموس لەسەر چەند ئاستێک پێویستە هەوڵی تەواو بدرێت کاری دەستە جەمعی بۆ بکرێت کە لێرەدا پێویستە چەند خاڵێک بخەینە ڕوو:

١-کارکردن بۆ گۆڕینی یاساکان و دانانی یاسای دادپەروەرانە بۆ سزا دانی ئەوانەی بابەتی ناموس دەکەنە پاساوی کوشتنی ئافرەتان بەوەی سزای قورس بۆ بکوژان دابنرێت.

٢- بڵاوکردنەوەی کلتوری گفتوگۆ و لێکحاڵی بون لەنێوان هەردوو ڕەگەزدا بەتایبەت لە نێوان هاوسەراندا.

٣-ڕۆشنبیری کۆمەڵایەتی پەرەی پێ بدرێت بە جۆرێک خۆشەویستی و متمانە ببێتە بنەمای پەیوەندی ئەندامی خێزان نەک گومان و چاودێریکردن.

٤-بەشودانی پێشوەختەو بەشودانی منداڵ وەک تاوان سەیربکرێت. ٥-یاسایەکی تایبەتی توند بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ سۆشیال میدیا و تاوانەکانی بواری سۆشیال میدیا دابنرێت بەو پێیەی بەشێکی ڕێگەکانی سەرکێشان بۆ کوشتنی ئافرەتان هۆکارەکەی تۆڕەکۆمەڵایەتیەکانە،کە دوا جاریش پاساوی شەرەف دەدرێتە پاڵ تاوانەکە و تاوانبار قوتاری دەبێت بە سزایەکی کەم یان بەبێ سزا .

بە پیرۆزکردنی دابونەریت و یاخیبوون لێی

کوردستان یاسین ڕەسوڵ

ئـــەوەی بـــۆ هەر میلەتێـــک گرنـــگ و بایەخدارە دابونەریتـــە کـــە لەلایـــەن باپیرانمـــان ئەوانەی پێـــش ئێمە ژیاون بـــە پێی ژیـــان و گوزەرانیان هاتونەتـــە بەرهەم، ئێمەش بە لاســـاییکردنەوە و پەیڕەوکردنیـــان بە زیندوویمان هێشـــتونەتەوە و دەیانهێڵینەوە.

بەگشـــتی دابونەریـــت وا پێناســـە دەکرێـــت، کە کۆمەڵێـــک خوی دووبارەن کـــە پێکهێنەرانی کۆمەڵگەیـــەک واتە تاکەکان ئەنجامیان دەدەن بە شێوەیەکی بەردەوام.

چەندەها پێناسەی گشتگیر بۆ دابونەریت کراون لـــە ڕووە جیاوازەکانی ژیـــان، زیاتر وەک ڕاهاتنی خەڵک لەسەر ڕەفتارێکی دیاریکراو بۆ ڕێکخستنی لایەنێک لە لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی پێناســـە دەکرێت.

یاخود وەک ڕێســـایەکی یاســـایی کە خەڵکی بـــە ڕەفتارەکانیـــان دایاننـــاون و ماوەیەکی زۆر شـــوێنکەوتەی بوون و بە ڕاهاتن لە سەری دەبێتە ڕێسایەکی سەپێندراو.

بەشـــێوەیەکی هەمیشـــەی ئایین کاریگەیەکی زۆری لەســـەر ئـــەو دابونەریتانـــە هەیـــە، واتە ئایین ســـنوربەندی دابونەریتـــە، و دابونەریتیش ســـنوربەندی ئاکارو ژیانی ئێمەی مرۆڤ دەکات.

لـــەڕووی یاسایشـــەوە دابونەریـــت کاریگەریەکی زۆر لەســـەر ڕێســـاکانی یاســـادا بەجێدەهێڵێت، وە زۆربـــەی کات یاســـادانەرەکان دابونەریت بە سەرچاوەی فەرمی ڕێســـاکانی یاسا دادەنێن. بە پێویست دەزاندرێت کە ئێمە ئەو دابونەریتانە وەک مۆرکێکی نەتەوەی بپارێزین.

بەڵام لێرە پرســـیارێک دێتە ئاراوە ئایە دەبێت ئـــەو دابونەریتانەی کە هـــەن هەموویان جێبەجێ بکەین و بیانپارێزین؟

بێگومان وەڵامەکـــەی نەخێرە، چونکە هەندێک بابەتی نەریتاوی ناپێویســـت و زیادە هەن کە بە زیان بەســـەرماندا دەشکێنەوە و هەندێک سیفەتی لکێندراو بە قازانجی چەند کەسانێک هەندێک جار فەرز دەکرێن، وەک دابونەریتێک بەسەرمانەوە.

یاخود دەکرێ بۆ ســـەردەمی خـــۆی هەندێک دابونەریت پێویســـت بوون، بەڵام ئێســـتا لەگەڵ پێشـــکەوتنی ژیان و خواســـتی مـــرۆڤ هەندێک دابونەریت پێویســـتیان بە گۆڕان یاخود سڕینەوە هەبێـــت. واتە ئەو دابونەریتانـــەی هەموان وەکو مۆرکی نەتەوەی و شـــانازی دایان دەنێین، کاتێک بەنێو فلتەردا دەرباز دەبـــن خۆیان لە دوو لایەن دەبیننەوە.

یەکەم لایەنی ئەرێنی، بەگشتی ئەو دابونەریتانە دەگرێتەوە کە پێویستن بۆ ژیان و گوزەرانمان، بە خۆ پەیوەستکردن پێیان سودهێنەر و ئاسانکارن.

دووەم لایـــەن لایەنـــی ســـلبیە، ئەوانیش ئەم دابونەریتە نابەجێیانە دەگرێتەوە کە بە ئەنجامدان و پەیڕەوکردنیان شکۆی مرۆڤبونمان دەشڵەقێنن و دەرئەنجامی سامناک بەجێ دەهێڵن.

نمونەیێـــک بۆ زیاتر ئاشـــنابوون بـــە لایەنی ســـلبی دابونەریت، ئەو خووە شـــەرمهێنەرەیە کە لە دابونەریتی ئێمەدا هەبووە و ڕەنگدانەوەی هەر ماوە لە کۆمەڵگاکەماندا، ئەویش لەدایکبونی کچە.

نازانـــم شـــەرم لەچی ئـــەم ڕەگـــەزە دەکەن، قبوڵکردنی ئـــەوەی دەبیت بە باوک یاخود دایکی کچێک بۆچی دەبێت هێندە قورس بێت.

لەکاتێکدا مێینەکانیش مرۆڤن خاوەنی هەســـت و کەســـایەتی خۆیانـــن، دوای گەورەبوونیشـــیان دەبێـــت هەر باجی ئەوە بدەن کە کۆمەڵگە قبوڵی ڕەگەزەکەیان نـــاکات، ئەوەش هـــەر دابونەریتی ســـەقەت و بیـــر و فکـــرە مۆمیاکراوەکانـــن ئەم نائینسانیەتیەیان هێناوەتە بوون. ئەمە بۆ ڕەگەزی سێیەم وخاوەن پێداویستیە تایبەتیەکانیش ڕاستە، چونکە ئەوانیـــش قبوڵکرانیـــان وەک مرۆڤ زۆر ســـەخت دەبینن، ڕۆژانە توشی چەندەها ڕەخنەو بێڕێزیکردن دەبنە وە.

> پێویستە یاخی ببین لەو دابونەریتە بێ بەرهەمانەی کە زەرەر و زیانن بۆمان، ئەو دابو نەریتە جوانانەش بپارێزین و بە پیرۆزی بیان هێڵینەوە کە هەست و احساسی مرۆڤایەتیمان لەلا زیاد دەکەن

ئەمـــە تەنهـــا نمونەیێک بوو لەگەڵ ئەوەشـــدا چەندەهـــا دابونەریتـــی ترهـــەن پێویســـتان بە ڕێکخســـتنەوە و لەناوبردنە کە لەهەموو کایەکانی ژیانمان ڕۆڵ دەبینن.

بۆیە دەڵێم پێویستە یاخی ببین لەو دابونەریتە بـــێ بەرهەمانەی کە زەرەر و زیانـــن بۆمان، ئەو دابو نەریتە جوانانەش بپارێزین و بە پیرۆزی بیان هێڵینەوە کە هەست و احساسی مرۆڤایەتیمان لەلا زیاد دەکەن.

ڕۆڵی پەروەردەی خێزان لە کەمکردنەوەی تاوان

> هەمیشە پەروەردەیەکی تەندروست بۆ تاک ڕۆڵی گرنگ دەبینێت لە کەمکردنەوەی (تاوان) زۆر گرینگە دایکان و باوکان و خێزان کۆمەڵگا و سیستەمی پەروەردە قوتابخانەکان و دایانگاو بەخچەکان پەروەردەکردنی منداڵ وەکو بابەتێکی فیزیکی سادە سەیر نەکەن

سیستەمی پەروەردە و فێرکردن بە سیستەمێکی چـــالاک و بنەڕەتی دادەنرێت بـــۆ بەرهەمهێنان و دروســـتکردنی تاکێکی تەندروست، دەتوانین بڵێن پەروەردەیەکـــی دروســـتی تاکـــەکان وا دەکات کـــە کۆمەڵگایەک تەندروســـت بەرهـــەم بێت کە دووربێـــت لە بیـــری توندوتیـــژی. (فێرکردن و ڕاهێنان و پەرەپێدان) بە تاکەکان لەڕووی گوفتار و کردەوەکانیان بە ســـێ بابەتی گرنگ دادەنرێت تاکـــو منداڵ هـــەر لـــە قۆناغەکانـــی (منداڵی، هەرزەکاری و گەنجی) تێپەڕ دەکات، پێویستی بە ئاراســـتەکردن و هاندان و ڕاهێنان هەیە، بەرامبەر بە گۆڕانکارییەکانی ژیان، چونکە گۆڕانکارییەکان کە ڕوودەدەن لـــە توانای کۆمەڵـــگادا نین بەڵام پەروەردەکـــردن و تێگەیاندنیان لە گۆڕانکاریەکان ئەرکی خێزان و کۆمەڵگەیە بیگرێتە ئەســـتۆ تاکو تـــاک دەگات بە لوتکەی پێگەیشـــتن و ئاســـتی معریفی بە تەواوی گەشە دەکات.

هەمیشـــە دایکان و بـــاوکان لـــە هەوڵدانێکی زۆردان بۆ ئەوەی بە جوانترین شێوە منداڵەکانیان بەخێوبکەن، بەڵام هەندێک جار لایەنی پەروەردەیی منـــداڵ فەرامۆش دەکرێـــت، ئەوەندەی گرنگی بە دابینکردنـــی پێداویســـتیەکان دەدرێـــت ئەوەندە گرنگـــی بە لایەنی پـــەروەردە نادرێـــت. بەمەش لەنگیەک لە پەروەردەی تاک دروست دەبێت، زۆر جار گرفت بۆ کۆمەڵگاکەش ساز دەبێت.

هەمیشـــە پەروەردەیەکـــی تەندروســـت بـــۆ تـــاک ڕۆڵی گرنـــگ دەبینێت لـــە کەمکردنەوەی (تـــاوان) زۆر گرینگە دایـــکان و باوکان و خێزان کۆمەڵگا و سیســـتەمی پەروەردە قوتابخانەکان و دایانگاو بەخچـــەکان پەروەردەکردنی منداڵ وەکو بابەتێکـــی فیزیکی ســـادە ســـەیر نەکەن،بەڵکو پێویســـتە زیاتر لە چوارچێـــوەی پەروەردەیەکی تەندروســـت بێـــت نەک بە تەنها خـــۆی لە دابین کردنی پێویســـتییەکانی ژیاندا خـــۆی ببینێتەوە، پەروەردەی منداڵ وەک بەرپرسیارێتییەکی گەورە وپرۆسەیەکی دوور مەودا سەیربکرێت بۆ ئەوەی لە داهاتوودا کۆمەڵگایەکی ئارام بێتە کایەوە دووربن لە بیرو هزری تاوانکاری.

وەک دەبینیـــن و دەبیســـتین ڕۆژانە کۆمەڵگە ڕووبـــەڕووی کۆمەڵێک ڕووداوی نەخوازراوی تاوان و کوشـــتن دەبێتەوە کە کۆمەڵگا دەهەژێت لەگەڵ هەر ڕووداوێک دەبێتە جێگای باس و خواس بەڵام لەگەڵ ئەوەشـــدا دووبارە و دە بارە دەبێتەوە،کە لـــە ئەنجامی لە دەســـتدانی بەها گرنگەکانی تاک دێتە ئاراوە،دەروونی تاک شێواوە پەروەردەیەکی تەندروســـت نەکراوە کە بتوانێت بەســـەر هەموو بارودۆخەکاندا زاڵ بێت .

هەبوونی گیانی بەرپرسیارێتی دایک و باوک لە بەرامبەر پەروەردەکردنی منداڵەکاندا زۆر کاریگەرە و بە یەکەمین قوتابخانەی منداڵ دادەنرێت ئەرکی دایک وباوکە وەک بەرپرســـی منـــداڵ لە بناغەوە جوانـــی و بەهاکانـــی ژیانی فێر بـــکات،، چونکە هـــەر کەم تەرخەمی و هەڵەیـــەک لە لایەن دایک و باوکەوە دەبێتە مایەی لادان و گێژاو شـــێواوی لە دەروونی منداڵدا کە کاریگەری گەورە لەســـەر داهاتـــووی جێدەهێڵێـــت زۆبەی کات پێشـــینەی تاوانەکان لەمەوە ســـەری هەڵـــداوە لە ئەنجامی هەڵەو و توندوتیژیەکـــی ڕابردوو پێگەیاندنی تاک و پەروەردەیەکـــی دروســـت هەمووکاتێـــک ڕێگا خۆشـــکەرە بۆ فەراهـــەم کردنـــی کۆمەلگایەکی تەندروست .

ڕێژین قاسم محمود

ئایا راستە ئەگەر(ژن و مێرد) هەرکامیان دەست پێشخەربوون بۆ جیابوونەوە مافی شەرعی و یاساییەکانی دەفەوتێت لە دادگا ؟

پارێزەر شاد رزگار فتاح

ئەم پرسیارە یەکێکە لەو پرسیارانەی کە ئێمەی پارێزەران و یاساناسان زۆرترین کات ڕووبەڕوومان دەبێتەوە لێمان دەپرسن، وە لەناو خەڵکدا بەگشتی وابڵاوە کە هەرکاتێک ژن یاخود پیاو دەست پێشخەربێت بۆ تۆمارکردنی داوا و داوای جیابونەوە بکات ئەوا یاساو دادگا مافەکانی ناپارێزێت.

سەرەتای دروستبوونی هەر خێزانێک بریتییە لە گرێبەستی هاوسەرێتی کە یەکێکە لەو گرێبەستانەی کە لە شەریعەتی ئیسلامدا دانی پێدانراوە، هەروەها لە یاساشدا ڕێکخراوە وەکو یاسای (باری کەسێتی) کەلەمادەی (٣) دا پێناسەی هاوسەرگیری کردووە وە مەبەست و ئامانجی هاوسەرگیریشی روون کردوەتەوە.

لەناو هاوسەرەکاندا کێشەو گرفتی ئەوتۆ ڕوودەدات کە ژیانی هاوسەرێتی مەحاڵ دەکات و خێزان دەخاتە بەردەم مەترسی هەڵوەشاندنەوە، بەداخەوە بەپێی یاسای باری کەسێتی عێراقی ژمارە (١٨٨) ی ساڵی (١٩٥٩) بەشێوەیەکی گشتی سێ ڕێگای یاسای هەیە کە کۆتایی دەهێنێت بە گرێبەستی هاوسەرێتی.

جیابونەوەی هاوسەرێتی بە بڕیاری دادگا کەپێی دەوتری (التفريق القضائي) سەرەتا بەپێی مادەی ٤٠ هەردوو هاوسەر بۆیان هەیە داوای جیابونەوە بکەن لەدادگا لەم بارانەی خوارەوەدا:

- ئەگەر یەکێک لە هاوسەرەکان زیانی گەیاند بە بەرامبەرەکەی بەجۆرێک نەتوانرێت بەردەوامی بدرێت بە ژیانی هاوسەرێتی.
- ئەگەر یەکێک لە هاوسەرەکان خیانەتی زەوجی کرد لە بەرامبەرەکەی یان مێرد کاری سەرجێی ناشەرعی بکات لەگەڵ هاوسەری.
- ئەگەر عقدی زواج ئەنجامدرا و یەکێک لە هاوسەرەکان ١٨ساڵی تەواو نەکردبوو ڕەزامەندی دادوەریشی لەسەر نەبوبێت.
- ئەگەرزەواجەکە لەدەرەوەی دادگا ئەنجامدرا لەڕێگەی زۆرلێکردن و گواستنەوە رووی دابوو.
- ئەگەر مێرد هاوسەرگیری دووەمی ئەنجام دا بەشێوەی نایاسایی

پاشان بەپێی مادەی ٤٣ تەنها ژن بۆی هەیە داوای جیابونەوە بکات لەم بارانەی خوارەوەدا:

یەکەم :ئەگەر مێرد لەسەر تاوانێک حوکمدرا بە زیندانی سێ ساڵ یان زیاتر وە ماوەی یەک ساڵ تێپەری بەسەر زیندانی کردنیدا. دووەم: ئەگەر مێرد هاوسەرەکەی بەجێهێشت بۆ ماوەی ساڵێک یان زیاتر بەبێ هۆکارێکی رەوا. سێیەم: مێرد داوای گواستنەوەی نەکرد هاوسەرەکەی لەماوەی دوساڵدا لە بەرواری گرێبەستی هاوسەرێتیەوە. چوارەم: ئەگەر مێرد توشی نەخۆشیەک ببوو کە نەتوانێت ئەرکی هاوسەری ئەنجام بدات. پێنجەم: ئەگەر مێرد نەزۆک بوو یان توشی نەزۆکی بوو لەدوای زەواج.

شەشەم: ئەگەر مێرد توشی نەخۆشیەک بوو کە نەتوانێت سەرجێی بکات بەبێ زیان گەیاندن یاخود توشی شێتی هات و لەماوەیەکی دیاریکراودا بەپێی راپۆرتی پزیشکی شفای وەرنەگرت.

حەوتەم: ئەگەر مێرد بژێوی هاوسەرەکەی نەکێشا بەبێ هۆکار دوای مۆڵەتدانی بۆ ماوەی ٦٠ رۆژ هەشتەم: ئەگەر نەتوانرا بژێوی لە مێرد وەربگیرێت بەهۆی دیارنەمان یان وون بوون یان خۆشاردنەوەی. نۆیەم: ئەگەر مێرد بژێوی کەڵەکەبوی هاوسەرەکەی پشت گوێ خست دوای مۆڵەت پێدانی لە فەرمانگەی جێبەجێکردن بۆ ماوەی ٦٠ رۆژ

ژن بۆی هەیە داوای جیابونەوە بکات پێش گواستنەوە وە لەسەر دادگا پێوستە بریار بدات بە جیابونەوە دوای ئەوەی سەرجەم مارەیی کەوەریگرتووە یان مەسروفاتی پرۆسەی هاوسەرێتی گەراندەوە بۆ مێرد.

لێرەدا گرنگە باسی شوێنەوارەکانی جیابونەوە بکەین بەپێی ئەو دوو مادەیە (٤٠ و ٤٣):

١/ جیابونەوە بەپێی هەردوو مادەی ئاماژە بۆ کراو پێوستی بە گلاق دانی پیاو نیە، واتە هاوسەرەکان بە بریاری دادگا جیا دەبنەوە، لەکاتێکدا ئەگەر مێردیش ئامادە نەبێت هاوسەرەکەی طلاق بدات.

٢/جیابونەوە بەپێی هەردوو مادەی ئاماژە بۆکراو جگە لەمادەی (٤٣/دووەم) لایەنی داواکار واتە ئەو لایەنەی داوای جیابونەوەی تۆمار کردووە (ژن یان پیاو) مافی پارێزراو دەبێت بەتایبەت لایەنی ژن کە ئەگەر گواسترابێتەوە مارەیی پێشەکی مسۆگەر دەکات، پاشان ئەگەر داواکەی سەلماند بە یەکێک لەو هۆکارانەی سەرەوە ئەوا سەرجەم مارەیی پاشەکی (قەرز) مسۆگەر دەکات.

هەرچی مادەی ٤١ هەریەک لە هاوسەرەکان بۆیان هەیە پەنای بۆ ببەن کاتێک ناکۆکی و نەگونجان هەبێت لەنێوانیان) واتە ئەگەر هیچکام لە هۆکارەکانی مادەی (٤٠ و٤٣) بونی نەبوو، بەڵام ناکۆکیش هەبوو لە نێوان هاوسەرەکان ئەوا مادەی ٤١ جێبەجێ دەبێت.

ئەم مادەیە بۆ جیابونەوە شوێنەواری جیاوازی هەیە، ئەگەر جیابونەوەکە دوای گواستنەوەبوو، بەڵام سەرچاوەی کێشەکە ژن بوو ئەوا مارەیی پاشەکی دەفەوتێت جا ژن لەداواکەدا داواکاربێت یان داوالەسەر کراو، وە ئەگەر سەرجەم مارەیی وەرگرتبوو ئەوا دەبێت ڕێژەیەک بگەرێنێتەوە بۆ پیاو کە لە نیوە زیاتر نەبێت.بەڵام ئەگەر کێشەکان بەهۆی هەردوو هاوسەرەکەوە بوون ئەوە ژن مارەیی پێشەکی مسۆگەر دەکات و مارەیی پاشەکی بەش دەکرێت لە نێوانیان هەریەک بەپێی ڕێژەی کەموکورتی و هەڵەکانی، بەڵام ئەگەر جیابونەوە پێش گواستنەوە بوو وە کەموکورتییەکان لەلایەن ژنەوە بوو ئەوا دەبێت ئەو مارەییەی کە وەریگرتووە بیگەرێنێتەوە بۆ مێرد.

لەکۆتایدا بەکورتی هەرکەسێک (ژن یاخود پیاو) لە دادگا داوای تۆمارکرد داواکەی سەلماند ئەوا مافەکانی کە یاسا پێی داوە پارێزراوە، چونکە لەگەڵ عەقڵ و منگق یش ناگونجێت کەسێک ستەمی لێبکرێت و پەنا بەرێت بۆ دادگاو دادگاش مافەکەی بفەوتێنێت، وە ئەگەر داواکەی نەسەلماند ئەوا دادگا داواکەی رەد دەکاتەوەو گوێی لێناگرێت و جیایان ناکاتەوە.

لەتاراوگەوە

فە زیلە شۆرش - هۆڵەندا

خاوێن راگرتنی ژینگە، لە تاکی خێزانەوە دەست پێدەکات

ژیان پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ وناڕاستەوخۆی بەژینگەوە هەیە، ژینگەیەکی پاکوخاوێن و دوور لە مەترسی پیسبوونی لە پێویستە هەرە گرنگەکانی مرۆڤ و ژیانە، هەرتاکێکی کۆمەڵگەش بەرپرسیارە لە پاک راگرتنی ژینگە بە لای کەمی دەوروبەری خۆی .

فێربوونی ڕەفتاری پاک و خاوێن راگرتنی ژینگە لە خێزانەوە دەست پێدەکات، پێویستە خێزان بە بەرپرسیارانە و پەروەردەیەکی ژینگە دۆست منداڵی پەروەردە بکات. هەموو دەزانین پیسبوونی ژینگە هۆکارێکی سەرەکیە لە گۆڕانی کە شوهەواو و وشکبوونی زەوی و بەرزبوونی پلەی گەرمی و کارەساتی سرووشتی، سەرباری هەمووان هۆکارێکە بۆ بڵاوبوونەوەی نەخۆشی .

ڕێگاکانی پاراستنی ژینگە جۆراوجۆرن، ئەوەی دەکەوێتە سەرشانی حکومەت، هەستاوە بەچەندەها پرۆژەی گەورەو و بچوک بۆ پاراستنی ژینگە و بەردەوامیش بە گوێرەی بارودۆخی کوردستان لە خەمی پاراستنی ژینگویە، بەڵام ئەوەی دەکەوێتە سەرشانی خێزان، دایک و باوک لێی بەرپرسیارن، دە بێ خۆیان ببنە نمونەیەکی باش بۆ منداڵەکانیان لە پاراستن و بەرپرسیارەتی بەرامبەر ژینگە. خۆیان و منداڵەکانیشان فێرکەن ئاگاداربن لە شێوەی بەکارهێنانی ئاو وکارەبا و زبڵ و خاشاکی ماڵ، زیادەرۆیی نەکەن لە بەکارهێنانیان، لە کاتی چوونە دەرەوەش پارێزەری پاکوخوێنی سەرسەکۆ وشە قام و ناوچە گەشتیارەکان بکەن.

بێشەک پاک رانەگرتنی ژینگەی دەوروبەر هەروەک دوژمنێک وایە کە بەدەستی خۆت هێناوبێتە ماڵەوە بۆ ئازاردانت، چونکە ژینگەی پیس دوژمنێکی مەترسیدارە بۆ لەناوبردنی هەموو خۆشی و جوانی ژیان، مانەوەی مرۆڤ و گیانلەبەرەکان و سەوزایی سەر زەوی پەیوەستە بە ژینگەیەکی خاوێن.

لە وڵاتە پێشکەوتنەکانی جیهان دانیشتوانی ئەم وڵاتانە پێش حکومەتەکانیان هەست بە بەرپرسیارەتی خۆیان دەکەن بەرامبەر خاوێن راگرتنی ژینگە لە شەردان لەگەڵ هەر هۆکارێک کە دەبێتە هۆی پیسبوونی ژینگە. زۆر لە دایک و باوکەکان لەگەڵ منداڵەکانیان رۆژانە چە ند ساتێک تەرخان دەکەن خۆبەخشانە بۆ خاوێنکردنی کۆڵانەکەیان و دەوروبەری شەقامەکانیان لە و زبڵ و خاشاکانە کە لەسەر شەقامن و کۆی دەکەنەوە بە جیا، بۆنموونە شوشە بە جیاو نایلۆن بە جیاو زبڵی هیشک و تەڕ بەجیا دواتر دەیبەنە شوێنی تایبەتی خۆی. ئەوان باوەریان بەوە هەیە خێزان داینەمۆی گۆڕانکاری و پێشکەوتنی کۆمەڵگایە و خاوێن راگرتنی ژینگە لە تاکی خێزانەوە دەست پێدەکات و ژینگە دۆستبوون هەست و ڕەفتارێکی پیرۆزە.



کچە قوتابییەکی زانکۆی ڕاپەڕین کتێبێك بڵاودەکاتەوە

زانکۆ وەک گەورەترین و باڵاترین ناوەندی زانستی و مەعریفی لەکۆمەڵگە پێویستە ئەورۆڵەی خۆی ببینێت کە پێی پێناسە دەکرێت ئەویش لەبەرهەم هێنانی مەعریفەیە.

کتێبی (گەشتێک بەناو چیرۆکە ڕاستەقینەکاندا)لەنوسینی فریشتە سلێمان، قوتابی بەشی باخچەی ساوایان لە کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتە لە زانکۆی ڕاپەڕین.

کتێبەکە لەچەند چیرۆکێکی ڕاستەقینە ژیانی خەڵک پێکهاتوە کەتێدا کۆمەڵک خەڵک ئەزموونی ژیانی خۆیان لەمنداڵییەوە تاکو ژیانی ئێستایان باس کردووە و نوسەریش تۆماری کردوە.

بایەخی ئەم کتێبە جگە لەوەی کە کتێبخانەی کوردی پێ دەوڵەمەند دەبێ، هەوڵدەدات چیرۆکی سەرکەوتنی ژیانی کەسانێکمان پێ ئاشنا بکات کە لەوانەیە لەگەڵ ژیانی ئێمە یان خوێنەر زۆر جیاواز نەبێت، یان لەگەڵ نەوەی ئێستا کەدەی خوێنێتەوە لێک نزیکی هەبێت ئەمەش دەبێتە هاوکارێکی باشبۆ سوود لێ وەرگرتن و سەرکەوتن لەژیانی خوێنەردا.

ڕێژین قاسم محمود

قوتابییەکی زانکۆی سۆران یەکەمین بەرهەمی شیعری خۆی بڵاودەکاتەوە

خەڵات زرار کازم، قوتابی قۆناغی چوارەمی بەشی سیاسەت و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی زانکۆی سۆرانە و لەگەڵ خوێندنی زانستی خۆی لە بوارێکی تریشدا ئەزموون بکات ویەکەمین کتێبی شیعریی خۆی بە ناونیشانی نۆتەی چاوەڕوانی بڵاوبکاتەوە.

لە لێدوانێکیدا بۆ هێلین میدیا گوتی: لە ساڵی ٢٠١٠یەوە دەستم بە نووسین کردووە و سەرەتا نووسینەکانم سادە و کلاسیک بوون و زیاتر گرنگیم بە فۆرم رووخساری شیعر دەدا،بەڵام دواتر شێوازی خۆمم گۆڕێ ئەمەش بوو بە وەرچەرخانێک لە خودی خۆمدا، دواتر بەوە گەیشتم کە شیعری سەربەست زیاتر من بەرنیاز دەکات وەک خۆمی ڕاستەقینە.

سەبارەت بە نۆتەی چاوەڕوانی، خەڵات لە درێژەی قسەکانیدا ووتی :نۆتەی چاوەروانی، پێکهاتووە لە شیعر وقەسیدە سەر بە بابەت و فۆرم و تەکنیکی جیاوازن، جیا لەوەش تێکەڵەیەکن لە شیعری کلاسیک و مۆدێرن. هەوڵ دەدەم و دەمەوێت لە داهاتوو پەرە بە توانای خۆم بدەم لە بواری نووسینی شیعر و هەنگاوی نوێ بۆ پێشەوە بنێم.

دهۆک بەرۆژی

هێلین نامە

- ڕۆژی پێنج شەممەی هەفتەی رابردوو لە وڵاتی سعودیە بۆ یەکەم لە مێژووی ئەو وڵاتە کۆمپانیای "تەیران دیل" لە گەشتێکی فرۆکەوانی خۆیدا تەنیا سوودی لەهێزی فرۆکەوانی ئافرەتان (فرۆکەوان و تیمی خزمەتگوزاری) وەرگرت، بەرپرسانانی باڵای فرۆکەوانی ئەو وڵاتە لەو هەوڵەی ئەو کۆمپانیایە پێشوازیان کرد، ئەو گەشتە رڕۆژی پێنج شەممە لە نێوان "ریاز و جیدە " ئەنجامدرا.

- لە شاری میکزوسیتی لە وڵاتی مەکسیک، بە سەدان ئافرەتی چالاکوانی بواری مافی ئافرەت و مافی مرۆڤ بە مەبەستی نارەزایی دەربرین بەرامبەر بەو توندوتیژیانەی بەرامبەر بە ئافرەتان دەکرێت، رژانە سەشەقام و داوای دادپەروەری یاسایی و کۆمەڵایەتیان کرد، بەشێک لەئافرەتەکان روخساریان بە نیقابێکی رەش داپۆشیبوو کە هێمای پرسەدانان بۆ ئافرەتە کوژراوەکان بوو، هەروەها خاچێکی سووریشان بەدەستەوە بوو کە لێی نووسرابوو، دادپەروەری. بە پێی ئامارە فەرمییەکان ٣٧٥١ ئافرەت لە ساڵی ٢٠٢١ لەو وڵاتە کوژراون.

- فیدراسیۆنی تۆپی پێی ئەمەریکا گەیشتنە رێککەوتنێکی مێژووی کە حەقدەستی یاریزانی تۆپی پێی میللیەکانی ئافرەتان و پیاوان، لەو وڵاتە بە یەکسانی دابەش بکرێت، ئەو رێککەوتنە لە کاتێکدا ئەنجام درا کە لە ساڵی ٢٠١٩ "مێگان راپینۆ" و بەشێک لە ئافرەتە یاریزانەکانی تۆپی پێ لە وڵاتی ئەمەریکا دژی نایەکسانی لە حەقدەستی یاریزانانی تۆپی پێی ئافرەتان و پیاوان سکاڵایان تۆمار کردبوو.

- باربارا راودوارد، نوێنەری بەریتانیا لە رێکخراوی نەتەوە یەککرتووەکان لە بارەی رەوشی ئافرەتانی ئەفغانستان وتی، لە ماوەی ٢٠ ساڵی رابردوو ئافرەتانی ئەفغانستان دەرفەتی کار و خوێندن و بریاردانیان لە بارەی دوارۆژی خۆیان و چالاکی فەرهەنگیان هەبووە و بە پێی ئامارەکان لە پێش تالیبان نزیکەی ٣میلیۆن و ٦٠٠ هەزار کچ لە قوتابخانە خویندوویانە و یەک لە سەر چواری ئەندامانی پەرلەمان ئافرەت بوون و ٪٢٠هێزی کاری ئەو وڵاتە ئافرەت بووە، بەڵام بەداخەوە ئێستا تاڵیبان دەیەوێت ئەو سەرکەوتنانەی ئافرەتان لە ناو ببات، بۆیە پێویستە هەڵوەستە لە سەر ئەو باروودۆخە بکرێت.

- ئەنجوومەنی نەخۆشییەکانی دڵ و دەمار لە وڵاتی ئەمەریکا دەڵێ ئافرەتان لە سەرووی ٤٠ ساڵییەوە تووشی جۆرێک لە نەخۆشی دڵ و دەمارەکان دەبن بۆیە پێویستە ئاگاداری تەندرووستی خۆیان بن و سێ هۆکاربۆ تەندروستی ئافرەتانی سەرووی ٤٠ ساڵ هەیە: (خۆراکی تەندروست، وەرزشی رێکوپێک و پشکنینی پزیشکی).

نەسرین حەسەن

بەسەرپەرشتی ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکانی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان
....
www.helinmedia.org
ناسک سەعید
Nask.saeed@helinmedia.org
شەیما مستەفا
Shayma.mustafa@helinmedia.org